حكومة إقليم كوردستان-العراق
مجلس الوزراء
وزارة الداخلية
المديرية العامة للديوان
مديرية الإدارة و الموارد البشرية

حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی ناوخۆ
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
ب . کارگێری و سەرچاوە مرۆییەکان

(ISO 9001:2015)

ژمارە: ٨١٧٦٧ ک
ڕێکەوت: / / ٢٧ کوردی

العدد:
التأريخ: ٤ / ٥ / ٢٠٢٣

## ڕێنمایی ژمارە ( ٥ )ی ساڵی (٢٠٢٣)

## هەمواری سێیەمی ڕێنمایی ژمارە(٣)ی ساڵی ٢٠٢١ تایبەت بە ڕێکخستنی کاری کۆمپانیاکانی (هاوردەکردن و گواستنەوە و فرۆشتنی ئۆتۆمبێل) و پێشانگاکانی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە ٦ی ساڵی ٢٠٠٩ لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم ڕێنماییە .

**ماددەی یەکەم :**

زیاد کردنی خاڵی ٣و٤ بۆ بڕگەی (سێیەم) لەماددەی( سێیەم )بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

٣- کۆمپانیاکانی (هاوردەکردن و گواستنەوە و فرۆشتنی ئۆتۆمبێل) و پێشانگاکانی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل دەتوانن داوای هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتی کارکردن و کۆدی گرێبەستی ئەلیکترۆنی بکەن بە پێشکەش کردنی داواکاریەک بۆ وەزارەتی ناوخۆ / بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان / بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیا ئەمنیەکان .

٤- کۆمپانیا یان پێشانگا دەتوانێت لق بکاتەوە لە هەمان پارێزگا بە کۆدی جیاواز بۆ ئەم مەبەستەش ڕسوماتی ئەو چالاکیەی لێوەردەگیرێت کە بەپێی ئەحکامەکانی ماددەی دەیەم (بڕگەکاني یەکەم / رسومات) لە ڕێنمایی ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠٢١ی وەزارەتی ناوخۆ دیاری کراوە .

**ماددەی دووەم :**

هەموارکردنەوەی بڕگە (٢) لە ماددەی (چوارەم) بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە :

پێویستە گشت کۆمپانیاکان و پێشانگاکان لەکاتی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل ، گرێبەستی ستانداردی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل کە لە لایەن وەزارەتی ناوخۆ ڕێک دەخرێت بە زمانی کوردی و عەرەبی بەکار بهێنێت بۆ ئۆتۆمبێلی کاتی یان تۆمارکراو بەومەرجەی گرێبەستەکە لەناو بارەگای کۆمپانیاو پێشانگاکان بە ئامادەبوونی کڕیار و فرۆشیار ئەنجام بدرێت ,بە پێچەوانەوە بە سەرپێچی هەژمار دەکرێت .

**ماددەی سێیەم :**

هەموارکردنەوەی بڕگە (٤) لە ماددەی (شەشەم) بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

پێویستە کۆمپانیا یان پێشانگای فرۆشتنی ئۆتۆمبێل ژوورێکی تایبەت بۆ ئەنجامدانی (گرێبەستی ستانداردی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل) و ئەرشیفی ئۆتۆمبێلە فرۆشراوەکان ئامادە بکات کە تیایدا بۆ هەر ئۆتۆمبێلێک فایلێک ڕێک بخات کە ئەم بەڵگەنامانە لەخۆ بگرێت :

أ . وێنەیەک لە گرێبەستی ستانداردی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل .

ب. وێنەیەکی ڕەنگاو ڕەنگ لە منافێست و گشت بەڵگەنامەکانی ئۆتۆمبێلی فرۆشراو بۆ یەکەم جار یان ئۆتۆمبێلی پێشتر تۆمارکراو و فرۆشراوە لە لایەن کۆمپانیا یان پێشانگا .


ناونیشان: هەرێمی کوردستان-عێراق
العنوان: إقليم كوردستان-العراق
Address: Kurdistan Region-Iraq
ئیمەیل:info@moi.gov.krd
ژ.تەلەفۆن:٠٦٦٢٢٩٧٣٧٣-٠٦٦٢٢٩٧٢٧٢
www.moi.gov.krd
02/ 05/ 2023
( ڕێبوار )

**ماددەی چوارەم :**

هەموار کردنەوەی ماددەی نۆیەم لە ڕێنمایی ژمارە ٣ ی ساڵی ٢٠٢١ و ماددەی چوارەم لە بەیانی ژمارە ٢ ی ساڵی ٢٠٢٢ بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە :

پێویستە لەسەر کۆمپانیاکانی هاوردەکردن یان فرۆشتنی ئۆتۆمبێل ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە هاوردەی کردووە دوای تێپەڕبوونی ماوەی (١) ساڵ لەسەر داخل کردنی ئۆتۆمبێل لەسەر ناوی کۆمپانیا تۆماری بکات ئەگەر نەفرۆشرابێت لەو ماوەیەدا ، ئەم ماددەیە تەنها ئۆتۆمبێلی تایبەت دەگرێتەوە .

**ماددەی پێنجەم :**

زیادکردنی خاڵی ٥و٦و٧ بۆ برگەی(**دووەم/ پێبژاردنەکان**) لە ماددەی(**دەیەم**)و بەم شێوەیەی خوارەوە :

٥- بڕی (٢٠٠٠٠٠٠) دوو ملیۆن دینار وەک پێبژاردن لەگەڵ ڕاگرتنی کۆدی گرێبەستی ستانداردی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل بۆماوەی ١٠ ڕۆژ بۆ هەر کۆمپانیا و پێشانگایەکی ئۆتۆمبێل کە بە سەرپێچی گرێبەستی ستانداردی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل ئەنجام بدات لە دەرەوەی بارەگاکانیان بۆ جاری یەکەم .

٦- بڕی (٤٠٠٠٠٠٠) چوار ملیۆن دینار وەک پێبژاردن لەگەڵ ڕاگرتنی کۆدی گرێبەستی ستانداردی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل بۆماوەی ٢٠ ڕۆژ بۆ هەر کۆمپانیا و پێشانگایەکی ئۆتۆمبێل کە بە سەرپێچی گرێبەستی ستانداردی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل ئەنجام بدات لە دەرەوەی بارەگاکانیان بۆ جاری دووەم .

٧- بڕی (٤٠٠٠٠٠٠) چوار ملیۆن دینار وەک پێبژاردن لەگەڵ ڕاگرتنی مۆڵەتی کارکردن بۆماوەی ١ یەک ساڵ بۆ هەر کۆمپانیا و پێشانگایەکی ئۆتۆمبێل کە بە سەرپێچی گرێبەستی ستانداردی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل ئەنجام بدات لە دەرەوەی بارەگاکانیان بۆ جاری سێیەم .

**ماددەی شەشەم :**

هەڵوەشاندنەوەی ماددەی (**چواردەیەم**) لە ڕێنمایی ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠٢١ و ماددەی نۆیەم لە بەیانی ژمارە ٢ ی ساڵی ٢٠٢٢ و ماددەی یەکەم لە بەیانی ژمارە ١٠ ی ساڵی ٢٠٢٢ بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە :

١- درێژکردنەوەی ماوەی مۆڵەت پێدان و نوێکردنەوەی مۆڵەت بە هەموو ئەو کۆمپانیا و پێشانگایانەی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل کە کێشەی خاوەندارێتی و شارەوانیان هەیە تا ڕێکەوتی ٣١ ی ٢٠٢٢/١٢ پێویستە کێشەکانیان لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار و حکومەت چارەسەر بکەن بە پێی ڕێنمایی ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠٢١ هەموارکراو .

٢- گشت ئەو کۆمپانیا و پێشانگایانەی کە تا ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١٢/٣١ خۆیان تۆمار نەکەن دادەخرێن .

**ماددەی حەوتەم :**

ئەم ڕێنماییە لەڕۆژی دەرچوونیەوە کاری پێدەکرێت و لە ڕۆژنامەی وەقائیعی کوردستان بڵاو دەکرێتەوە .

ڕێبەر ئەحمەد

**وەزیـــری ناوخـــو**

وێنەیەک بۆ:

- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران / سەرۆکایەتی دیوان / بۆزانین لەگەڵ ڕێزدا .
- وەزارەتی داد/ ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان / بۆ بڵاوکردنەوەی تکایە لەگەڵ ڕێزدا ..
- نووسینگەی بەڕێز جێگری وەزیر / بەفەرموون بۆزانین لەگەڵ ڕێزدا .
- نووسینگەی بەڕێز بریکاری وەزارەت/ ( ) بەفەرموون بۆزانین لەگەڵ ڕێزدا .
- نووسینگەی بەڕێز ڕاوێژکار وەزارەت/( ) بەفەرموون بۆزانین لەگەڵ ڕێزدا .
- وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی / بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەفەرموون بۆزانین لەگەڵ ڕێزدا
- گشت پارێزگاو ئیدارە سەربەخۆکان / بۆزانین لەگەڵ ڕێزدا .
- نووسینگەی بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی دیوان / بۆزانین لەگەڵ ڕێزدا .
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆ / بۆ کاری پێویست لەگەڵ ڕێزدا .
- گشت بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆ لە پارێزگا و ئیدارە سەر بەخۆکان / بۆ کاری پێویست لەگەڵ ڕێزدا .
- فەرمانگەی یاسایی / بۆزانین لەگەڵ ڕێزدا .
- بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیا ئەمنیەکان و پێدانی مۆڵەت / بۆزانین لەگەڵ ڕێزدا .
- بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن و پەیوەندیەکان/ بۆزانین لەگەڵ ڕێزدا .
- ب.هەماهەنگی و بەدواداچوون .
- خولاو .



ناونیشان: هەرێمی کوردستان-عێراق
العنوان: إقليم كوردستان-العراق
Address: Kurdistan Region-Iraq
ئیمەیڵ:info@moi.gov.krd
ژ.تەلەفۆن:٠٦٦٢٢٩٧٣٧٣-٠٦٦٢٢٩٧٢٧٢
www.moi.gov.krd
( ڕێبوار )
02/ 05/ 2023